# ئەدەبێ منداڵ ورۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەکردنیدا

د. فاضل مجید محمود
بەشی کوردی / کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی

منالْ ئەو بوونەوەرە کاراو چالاك و بزێوەیە، کە لە گەڵ خویدا بوونێکی نویْ دە هێنێتە کایە وە ومانای گە ورە تر بە ژیان دە بەخشێت، ماکی بە ردەوامی دە کات بەبە ری مرۆڤایە تی دا، بەجۆرێك کە ( مرۆڤ ) وەك بە هادارترین بوونی سە رزە وی بپارێزێت، توخمی مرۆڤ لەنیوْ زیندەوەرانی تر دابەهۆی بەها ژیرییەکانیەوە بە رز رابگرێت و بە ردە وامی و پەرەی پیْ بدات.

گرنگیدان بەم توخمەمەزنەلە قەبارە بچوك ولە نرخ و بە ها بالآیە دا راستە وانە دێتەوە لە گەل گرنگیدان بەکۆمەلگای مرۆڤایە تی بەگشتی ، هە رکاتێك توانرا لە سە ر رە هەندە جیاجیاکانی ژیانیمرۆڤایە تی ولە ناوکایەجۆراوجۆرە کانی مرۆڤایە تیدا بایە خێکی شیاو بەم ( بوونانە ) بدرێت ئە وا لە دەرە نجامیدا بایەخمان بە هە موو توانستە کانی تری نێو کایە مەزنەکەی مرۆڤایە تی داوە .

ڕۆژنامەگەری وەك بەشێکی گرنگی راگەیاندن بۆ دەسەلاتدارە بە تواناکان ،دوا تر بۆ خوێندەواری نێو کۆمەلگا مرۆییەکان و دواتریش بۆ خەڵك بەگشتی هاتە کایەوەو توانی لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی خۆیدا بەخێراییەکی وەها گەشە بکات کە شیاوی ئەوە بێت جەختی لەسەر بکەیت ،لەهەمان کاتیشدا وەك ئامرازێکی کارا بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێك بەکاری بەرین، بەتایبەتیش لەسەردەمێکی وەك ئێستادا کەتەواوی پانتاییە مرۆییە جیاجیاکانی داگیرکردووە ،ناکریْ لەچۆنێتی گەشە پێدانی منالْ ولەوێشەوە ئەدەب و لە نێوانیشیاندا ئەدەبی منالْ ورۆڵی لە پەروەردەی منالْدا فەرامۆش بکرێت.

بۆیەلەم باسەدا هەولْ دەدەین لەو رۆڵە بکۆڵینەوە کە راگەیاندن دەشیْ بیبینیْ لە پەروەردەو گەشەی منالْدا ولە گۆشە نیگای ڕاگەیاندنیجیهانیەوەدەروانینە ئەو هەنگاوانەی نراون لەم پێناوەدا ،ڕاگەیاندنی کوردیش لە بەر دەم پیوەرەکانی ئەم جیهانە گرنگەی گرنگی دەدات بە مندالأن ڕادەگرین ، تابزانین ئاخۆ تا چەند توانراوە ئەم ( بوونە بەهادارە ) وەکو خۆی دەیەوێت گرنگی پیْبدرێت و گەشە بە ئەدەبەکەی بدرێت.

پێناسەی ڕاگەیاندن :-

ڕاگەیاندن ( بریتی‌یە لە بلأوکردنەوەی زانیاری و ڕووداوی ڕاستە قینە بە وردی و ڕاستی لە پێناو ڕۆشنگەری وڕازی کردنی بەرامبەردا ) .[١]

هۆكارەكانی ڕاگەیاندنیش ( لەسەرەتاوە بۆ سێ بواری گەیاندن ( چاپكراو ،بینراو ،بیستراو، ) دابەش دەبێت )[٢] .

( هەریەكێكیش لەمانە چەندین ئامرازی جیاجیایان هەیەبۆبوارەكانی گەیاندنی( زاتی ،دوانەیی، جەماوەری ، ... )[٣] .

بەساكارترین شێوەش دەتوانین ڕۆژنامەو گۆڤارەكان وەك نمونەی چاپكراوەكان وەربگرین ،تەلەفزیۆن وەك نمونەی هۆ بینراوەكان ،ئێزگەش بۆ نمونەی هۆبیستراوەكان باس بكەین وگرنگیو بایەخیان بەئەدەبی منداڵ دیاری بكەین .

## بواری منداڵان لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن دا

لەناو ئەم هۆكارانەی ڕاگەیاندندا بە گشتی چەند ژانەرێكی تایبەت بە بواری ئەدەبی منداڵان جوێ دەبنەوە كە بریتی دەبن لە :

١.ئەو پرۆگرامانەی لە هۆكانی ڕاگەیاندندا بە تایبەتی بۆ منداڵان ئامادە دەكرێن وپێشكەشیان دەكرێت ئەگەر لەڕۆژنامەدا بێ یا گۆڤار یا كەناڵێكی تەلەفزیۆنی یان ئێزگەیی كە تەواوی پرۆگرام و بڕگەو بابەتەكانی بۆ منداڵان تەرخانكردووەو بەڵام منداڵان تیایدا وەك كارەكتەرێكی كارا ڕۆڵ نابینن بەڵكو زۆرتر وەك كارەكتەرێكی لاوەكی یان وەك تەماشاكارو بینەرێك لەو بازنەی گەیاندنی مەبەستە تایبەت بە منداڵانەدا خۆیان دەبیننەوە و گەورەكانی دەرەوەی توانستەكانی منداڵ هەموو پەیامەكان بە میكانیزمە جیاجیاكانیشەوە ئامادە دەكەن ،واتە بەرهەمێك لەلایەن گەورەكانەوە بۆ منداڵان ئامادە دەكرێت ،دواتر پێشكەشیان دەكرێت ،یان گەورەكان وەك ئەكتەرێكی تەنزكار ( كۆمیدی )دەردەكەون بۆ خۆ هێنانە ئاستی منداڵانەوە تا منداڵان لێیان تێ بگەن و خۆشحاڵ ببن ،بەم پێ یە بریتی دەبێت لە كاری گەورە بۆ كارتێكردن لە منداڵ بێ بەكارهێنانیتوانای خودی منداڵ لە كارەكەدا .

٢.ئەو پرۆگرام و بڕگە و بابەتانەی منداڵان خۆیان بۆ خۆیان ئامادەو پەخشی دەكەن .لێرەدا منداڵان خۆیان بۆ خۆیان ڕۆڵ دەبینن لە ئامادەكردنی بڕگە وبابەتەكان و ڕێكخستنی پرۆگرامەكاندا بە بیرێكی منداڵانە و بە سەلیقە وتوانستێكی منداڵانە كارەكان ڕێك دەخرێن ،كەسەگەورەكان تەنها لە ناوەندەكانی ڕێكخستنی هونەری پرۆگرامەكانداڕۆڵ دەبینن، یان ڕۆڵی ڕێنمایكارێكی ئاسایی دەبینن، چۆن دەرهێنەرێك لە دەرهێنان ومۆنتاژكردنی فلیمێكدا یا بۆ گەورەش بێ دەیبینێ ،بەم پێ یە منداڵ كارە كتە رى سە رە كيە و گە ورە رۆڵی لاوە كی ،دە بێت لێرە دا منداڵان بۆ گە یشتن بە مەبە ستە كانیان كە سانی گە ورە بە كار دەبەن وەك ئامرازێك، لە رواڵەتی گشتی پرۆسەكەدا نەك هەر دەر نا كەون بەڵكو لە دەرەوەی بازنەكەشدا ڕادەگیرێن ،

ئەوەش بریتی دەبێ لە کاری منالان بە بە کارهێنانی گەورەکان وەك ئامرازێك ،بۆ کارلێکردن لە منالانی تر بە بە کارهێنانی کارایانەی خودی منالان خۆیان .

٣.ئەو کەنالانەی کە لە هەندێك برگەی پرۆگرامەکانیدا لە ناو چوارچێوەی گشتی هۆ ڕاگەیاندنەکاندا بابەتی تایبەت بە جیهانی منالان بلاودەکەنەوە ،ئەمەش بەشێوەیەك دەبێت کە کەنالێکی ڕاگەیاندن دێت و وەك هەرئاستێکی تری نێو کایە مرۆییەکان هەر کۆمەلگایەکی دیاریکراو لا پەڕەو برگەو بەرنامەیەك لە ناو چێوەی گشتی بەرنامەکانی خۆیدا کە بۆ هەموو ئاستەکانی تێدایە تا بە پیرو گەورەش دەگات بۆ منالانیش دیاری دەکات .لێرەدا جۆرێك لە ڕەنگالەیی لە میکانیزمەکانی بە کاربردنی منالان و گەورەکاندا لە خودی ئەو برگەو بابەتانەدا بە دی دەکرێت ،واتە دەشێ ( جۆری یەکەم ودووەم ) کەباس کران بەدیارکراوی و تێکەلاو کراوی تیایدا بە گەر بخرێن.

ئیتر لێرەدا توخمی (کات) واتە کاتی پەخشکردن و بلاو کردنەوەی ماوەکانی منالان دەبێتە توخمێکی زۆر گرنگ و (شوێن) شوێنی پەخشکردن و بلاوکردنەوەی تێزەکانیش بۆ منالان بە دوای کاتدا دەبێتە توخمێکی دووەمی گرنگ لە چۆنێتی بەرنامە پەخشکردنی ئەو برگەو بابەتانە لە نێو دنیای گەورەکاندا . بەم شێوەیە تێکەلاویەك لە ڕەهەندەکاندا دەبێت ولەم جۆرەدا ئاوێزانی یەکدی دەکرێن و منالان لە گەل گەورەکاندا کار دەکەن و ماوەی خۆیان بە یەکێك یان بە تێکەلاوی چەند جۆرێك لە جۆرەکانی بەرنامە ئامادە کردن بۆ منالان پڕ دەکەنەوە و بریتی دەبێت لە هەماهەنگی کارایانەی گەورەکان و منالان بە بەکارهێنانی ئامرازی جیاجیا و شێوازی جۆراو جۆر بەمەبەستی کارتێکردنە سەر خولیاکانی منالان و بە بەکارهێنانی گەورەو بچوك لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا .

٤.ئەو کەنال و پرۆگرامانەی باس و لێکۆلینەوە و بابەت ئەدەبی لەسەر منالان بلاودەکەنەوە بێ ئەوەی ئەو بابەتانە تایبەت بن بە خودی منالان وەك یەکەیەکی کارا لە نێو پرۆگرامەکاندا ،بەلکو وەك کەرەستەیەك بۆ لێکۆلینەوە بەکار دەهێنرێن نەك بۆ زاخاودانی مێشکی منالان،بەلکو بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکان بۆ چۆنێتی باشتر تێگەیشتن لەو یەکە مرۆییەی کە منالە.لەم جۆرەدا کەسانی شارەزاو پسپۆڕ دێن و توێژینەوەو بابەت و لێکۆلینەوە لەسەر منال دەنووسن((بەگرتنەبەری شێوازێك لە شێوازەکانی نووسینی باسی زانستی ،مەیدانی،ئەکادیمی،تیۆری ))[٤] دێن ولە منال دەکۆلنەوەو هەمیشە منال وەك کەرەسەیەکی بەرایی بۆ تێگەیشتن لە سایکۆلۆجیەتی خودی منال ودواتر گەورەکان و دواتر کۆمەلگا بە کاری دەهێنن ،منال بۆ خۆیان هیچ چێژوخۆشی و سوودێك لەو ئاستەی تەمەنیاندا لەو بابەتانە نابینن و لە زۆر باردا لە ناوەرۆکەکەیشی تێ ناگەن .لەم جۆرەدا گەورەکان ئەوانەیان کە توانستێکی زانستیان لە بوارێکی تایبەتیدا هەیە دێن و ڕاڤەی منال دەکەن و دەیبەستنەوە بەیەکە مرۆییەکانی ترەوە ، کەواتە بریتی دەبێت لەوەی کە منال وەك ئامرازێك بۆ بەدەست خستنی ئامانجی توێژەرەوەکان بە کار دەهێنرێت و چۆنێتی کارتێکردنیلە گەورەکان بۆ ئەوەی بە هۆشیاریەوە مامەلە لەگەل منالاندا بکەن بە دەست خستنی چۆنێتی دیاریکردنی پەیڕەوە

پەروەردەیی وفێرکاریەکان سوودی لێوەربگرن . دیارە (( پرۆسەی فێربوون لە گرنگترین پرۆسەکانی گەیاندنە [٥] لەوێدا گەر لەسەر هۆ چاپکراوەکان وەستاین ئەوا توانای تێگەیشتن لەداتاکان و هێما زمانیەکان لای منالْ دەبێ بە شێوەیەك بێت ولە ئاستێکدا بێت کە توانای تەواوکردنی سوڕی وەرگرتنی ئاسایی زانیاریە پەخشکراوەکانی هەبێت بە پێی ئەو ڕوبەرە فەرهەنگی یەی لای گەلاڵە دەکرێت یان گەلاڵە بووە . کەواتە (( لە دەرەوەی وێنەو هێلکاری وئاوێزانکردنی ڕەنگەکان و گەورەیی قەبارەو ڕووبەری داتا پیشاندراوەکان ،تا تەمەنی فێربوونی منالْ بە داتاکانی خوێندنی ئاسایی ، ئاسان نی یە منالْ لە ڕووی یەکە واتاییە جیاجیاکانەوە بتوانێت لەو بابەتانە تێبگات وکاردانەوەی لە سەری هەبێت کە بۆی دەنووسرێت یان بۆی دەخوێنرێتەوە )). [٦] بۆیە ئەگەر لەسەرەتاوە توێژینەوەکان لەسەر ئاستی توانستی وەرگرتنی منالْ نەبوون ئەوا ئەو بابەتەی بە مەبەستی گەیاندنی بیرێکی دیاریکراو بۆ منالان پەخش دەکرێت بێ سوود دەبێت .

بەمەبەستی سوودو پێگەیاندنی منالْ دەشێ لەو پرۆگرامانەدا کە بۆ منالْ تەرخان دەکرێت یان بەمەبەستی سوودو کەلکی منالْ پێشکەش دەکرێت ئاگاداری ڕادەی تێگەیشتن وئاستی پێزانینی مێشکی منالْ بین .

## پرۆگرامەکانی منالان وقۆناغەکان وئاستی پێزانینی هۆشەکی منالْ

لێرەوە ئەو سێ قۆناغە دیاری دەکەین کە لە ئاستی تەکنیکی هۆشی منالەوە دەردەکەون ولیکۆڵینەوەنوێیەکان ئاماژەیان بۆ دەکەن و باس لە چۆنێتی داتاکان لای منالان دەکەن و زۆرتر گرێدانی تێزە سایکۆلۆجیکان دەبێت بە دنیای تێزە تەکنیکیە وردەکان و پێکدێت لە :

١.سەرەتاکانی منالی و وەرگرتنی داتاکان بەداتا وێنەییەکان و وەرگرتنی وێنەکان بە شێوازێکیوەسفی،کە تیایدا منالْ فۆرم و سکێچی گشتی وێنەکان لە هۆشیدا وێنا دەکات و لە وردە کاریەکان نازانێت بەڵکو فۆرمی گشتی وێنەکان دەناسێتەوە، تا قەبارەیان گەورەتر بێت باشتر دەتوانیت جیایان بکاتەوە،ڕەنگەکان لێرەدا هارمۆنیەتیکی تەواویان پێوە دیار نابێت بەڵکو ڕەنگەبەکارهاتووەکان لەلایەن بەرامبەرەوە وا دە بێت کە زۆر نا هارمۆنی بن تا منالْ بتوانێت بەو شێوەیەی لەتوانایدا هەیە جیایان بکاتەوە لەیەکدی و بە گۆڕینی ڕەنگ و شێوازو قەبارەی هێماووێنەکان وا دەبێت ( بیر )لای منالْ بگۆڕێت لەجێگێریکەوە بۆ گۆڕاوێك،بەم پێ یە بتوانێت واتای تری لادروست بکات تا نا چاری [illegible]کات بەدوای ناوی نوێی ئەو یەکەیەدا بگەڕێت.

٢.گەشەکردنی منالْ لە سەرەتاکانەوە بۆ ناسینەوەی ڕەنگ وقەبارەو فۆرم و سکێچی شتەکان و جێگیرکردنی وێنەو هێماکان لە فەرهەنگی خۆیداو کار کردن لەسەر چۆنێتی وەرگرتنی وردی خاڵەکان و خەزنکردنیان لە فەرهەنگی خۆیدا بە شێوەیەکی تەواو پڕاوپڕو چەسپاو،ئەمەش بە شێوازی ژمارەیی یان پێوانەیی ناو دەبرێت و منالْ توانای ناسینەوەی هێماکانی دەبێت بەشێوەیەکی ورد بەلام چەسپاو، بەجۆرێك لە ئالوگۆڕی ڕەنگ و قەبارەو شوێنەکاندا نەتوانێت هاوسەنگیەکی تەواو پیادە بکات.

٣.قۆناغی كامڵ بوونی ژیرییە تا ئاستێكی خواستراو لای منداڵ و دەستكەوتنی بەردەوامیە لای منداڵ بەجۆرێك كە بتوانێت لەبارە چەسپاوەكانی پێشوو دەربازببێت و لە گۆڕینی تەنەكاندا بتوانێت ناوی چەسپاو بە هێمای چەسپاو بەبیرێكی وردەوە بداتە كەرەستەكان و شتەكانی دەوروبەری بەهەموو جۆرەكانیەوە، ئەمەش بە تێكەڵاوبوونی هەردووجۆرەكەی پێشوو بە كامڵ بوونی مێشكی منداڵ دێتە بەرهەم،گەر دوو قۆناغەكەی پێشتری شیاوانە بڕیبێت ئەوا لەم شێوازەدا كە ئاوێزانكردنی دوو جۆرەكەی پێشووەو بە تێكەڵە ناو دەبرێت

لەگەڵ كارامەیی كەسی ئەو منداڵەدا توانستی خوێندنەوەی هێماو وێنە بینراوەكان لای منداڵ كاراتر دەكەن و بەمەش توانای منداڵ بۆ خێرایی و وردیو توانای خەزنكردنی زاراوەكان و توانستی دووبارەكردنەوەی شتەكان وەك خۆیان كاراتر دەكەن.[٧]

لە پاڵ ئەمانەدا چۆنێتی هەڵبژاردنی شێوازێكی دیاری كراو یان چەند شێوازێك بۆ گەیاندنی پرۆگرامەكان بەمنداڵان دەوەستێتەوە سەر جۆرو شێوازی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لە خێزان و ژینگەو ناوچەجیاجیاكاندا،بەدوایدا لەسەر چەند بنەمایەكی تر دەوەستێتەوە كە دیارترینیان( تاك،كۆمەڵ،كات، شوێن،بابەت،ئامرازی گەیاندن ،تواناكانی وەرگرتن ) دەبێت،لەمەشدا كارامەیی كەسی، توانستیكۆمەڵ بۆ وەرگرتنی تاك،سەردەم و زەمانی ئەو پرۆگرامانە،شوێنی پراكتیزە كردنی پرۆگرامەكان بە پێی ژینگە(شار، لادێ)و شوێنەكانی تری نیشتەجێبوون،بابەتەكانی دەربڕینە واتاییە جیاجیاكان،میدیاكان و هۆكانی تری نمایشكردن، ئامێرەكانی لای وەرگر دەست دەكەون بۆوەرگرتنی پەیامەكان بە گشتی،ڕۆڵ دەبینن.[٨]

## ئەدەب وڕاگەیاندن

ئەدەب بەهەموو ژانرەكانیەوە كەرەسەی سەرەكیو گرنگ و بەبایەخی ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی و هۆكارەكانی تری ڕاگەیاندنەو زۆرینەی بابەتەكانی پرۆگرامی ڕاگەیاندنەكان بەهۆی شێوازی ئەدەبی یەكەوە كاریگەری دەنوێنێ،ئاشكراشە كە ئەدەب ئەو جیهانە بەرینەیە كە تیایدا پێویستی بە كارەكتەری وەك منداڵ هەیەبۆ ڕەهایی كردنی پانتاییەكانی ،لە لایەكی تریشەوە منداڵ پێویستی بەو جیهانەی ئەدەب هەیە تا لە لایەك بیگەردی خۆی لە نێو لانكەی هەستو سۆزو ئەندێشەكانیدا بنوێنێ ،منداڵ وەك پەپوولەیەكی زیندوو بە خواست و خۆشی و حەزێكی باڵاوە بەرەو ئاوازو ریتمی ئەدەبی نێو دەقەكانی دەڕوات ولێیانەوە فێری ژیان ،واتا ،شێوازی ناونان لە شتەكان ،لە كەسەكان لە ڕووداوەكان و پەیوەندییەكانی نێوان شتەكان بدۆزێتەوە و پرۆگرامەكان دەبنە هۆی ڕاكێشانی سەرنج و بیری منداڵ و حەزو خولیاو ئارەزووەكانی تێر دەكەن . چونكە ئەدەب ئەو جیهانەیە كە نزیكە بە دنیای خواستەكانی منداڵ و لێرەشدا ئەوەی لە واقعدا ناكرێ بوترێ یان بوونی هەبێ دەشێ لە ڕووداوێكی ئەندێشە ئامێزدا یان لە وتارێك یان

دەربڕینێکی ئەدەبیدا هەبێ و بوترێ هەروەك لە ڕاگەیاندنیشدا یا لە نمایشکردندا دەکرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێت .

## منداڵ وکۆمەڵ و ڕاگەیاندن

منداڵ وەك بوونێکی فیزیکی جەمسەری یەکەم دەبێت لە بازنەی پەرەپێدانی منداڵان و دواتر ژیانی مرۆڤایەتیدا ،لەم جەمسەرەدا بە ئاسانی شتێکی لادروست نابێت وەك ئەوەی پێی دەوترێت دان بە خۆدا گرتن ،بەڵکو حەزەکانن کە دەبنە ئەو پێوەرەی لێیانەوە منداڵ چێژ لە دەورو بەرەکەی وەربگرێت ،بۆیە لێرەدا لە هاتنە کایەی جەمسەری یەکەمەوە کەژیانی منداڵییە جەمسەری دووەم دێت کە ( خێزانە ) ،خێزان بەڕاهێنان و پەروەردەکردن و رامکردنی منداڵ ستانداردێك دەداتە منداڵ کە بتوانێت لەڕێگەی ئەم ستانداردەوە جۆرێك لەدان بەخۆداگرتنی بۆ دروست ببێت و لەئارەزووی رەهاو لە هەڵچوونی بێ سنور دوربکەوێتەوە .[٩]
بەگەورە بوونی منداڵ پرۆسەکە باڵاتر دەبێت چونکە سنوری پەروەردەیی خێزان دەبەزێت و ئیدی جەمسەری سێیەم دێت کە ( دامەزراوە پەروەردەییەکانە ).لێیانەوە منداڵ پەروەردەو ئامادە دەکرێت.لە چوونە دەرەوەی منداڵ لە سنوورەکانی فێر بوون چ لەناوماڵ وچ لە دەرەوەدا ڕووبەڕووی جەمسەری چوارەم دەبێتەوە کە ماسیمیدیاو ئامێرە تەکنیکیەکانی تری پیشان دان و گەمەکردنن ،ئیدی منداڵ دەیەوێت وەك ئەکتەرێکی بزێو بە خێرایی جێی خۆی لەسەر شانۆی ڕووداوەکانی ژیان بچەسپێنێت .
هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش هەر لە گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریەوە تا بە سینەماو شانۆو ئێزگەو تەلەفزیۆن و دواتر سەتەلایت و ئینتەرنێت دەگات ، پرۆگرامەکانی منداڵانیش لە دنیادا گوێزرایەوە بۆنێو ئەم کایە نوێیانەو تا ئەوەی سینەماو شانۆی منداڵان و پرۆگرامی تەلەفزیۆنی تایبەت بە منداڵان لە تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکانیشدا و لە ناو پێگەکانی ئینتەرنێتیشدا هاتە کایەوە .بەڵام دیارە ئەمرۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کاریگەرترینیانن لە ڕووی کاراییان بۆ سەر بینەران بە گشتی و منداڵان بەتایبەتی ئەویش بەهۆی هەمەرەنگی و زۆری بەرنامەو نزیکیان بە دونیای منداڵان و وابەستە بوونیان لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانیاندا کە زۆربەیان بە شێوەی فلیمی کارتۆنی یان لە ڕێگای بە کارهێنانی ئاژەڵ و باڵندەوە یان بە بەکارهێنانی خودی منداڵ وەك ئەکتەر لە بابەتەکاندا دەردەکەون کە زۆرتر منداڵ دەتوانێت بچێتە نێوانی گرێ مەبەست و باسەکانەوە ودەتوانرێ ڕێنمایی وئامۆژگاری زیاتر بدرێتە منداڵ وکاریگەریی لەسەر هۆش وبیریان بەجێ بهێڵێ و بەرەو ئاراستەیەکی شیاو وسوود بەخش بیان بات.بەتایبەتی ئەگەر کەسانی کارامە و لێهاتوو وشارەزا لە بواری منداڵان وگەشەی منداڵ و سایکۆلۆجیەتی منداڵدا هاوبەشی دارشتنی یەکەیەکەی پرۆگرامە ئەدەبیەکان بکەن.
بەهۆی ئەوەوە کە تەلەفزیۆن پێویستی بەچوونە دەرەوە و گەڕان بەدوادا نیە بە شێوەی بڵاوکراوە و چاپەمەنیەکان و بە هۆی ئەوەی کە شاشە دەبێتە ئەندامێکی هەمیشە ئامادەی هەر خێزانێك و بە هۆی

پێویست نە بوونی خوێندن و بەرزی ئاستی هۆشیاری گەرەك نەبوونەوە زۆرتر پەرەی سەندووە و پەرەش دەستێنێت.[١٠]

لەگەڵ پەرەسەندنی بایەخی تەلەفزیۆنەکاندا بایەخی ئیزگەو شانۆو سینەمای منداڵ کەم بۆتەوە وچاپکراوەکانیش ئەگەر تەریب نەبن بە ئاستی هۆشەکی منداڵانەوە ورەچاوی ئەو بنەمایانەی باسکران نەکەن ئەوا تەنها وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دەمێننەوە و توانای کارلێکردن و کارایی بەهاداریان نابێ لە زەمینەی واقیعدا و بۆمنداڵیش بێسوود و کەم بایەخ دەمێننەوە.

## *رۆژنامەگەریی منداڵان*

سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری منداڵان لە جیهاندا بۆ چەرخی حەڤدەهەم دەگەرێتەوە ،فەرەنسا یەکەم لانکەی دەرچوونی گۆڤاری منداڵان بووە .[١١]

ئەو گۆڤارانەی کە بۆ منداڵان دەردەچوون لە جیهاندا زۆربەیان ناوی گیاندارانیان لەسەرە بە تایبەتی ئەو گیاندارانەی ئاشناو خۆشەویستن لەلای منداڵ چونکەمنداڵ حەزی بە تێکەڵ بوونە لەگەڵ شتە زیندوو وجوڵاوەکاندا نەك شتە وشك و چەسپاوەکان .[١٢]

سەرەتاکانی رۆژنامەگەریی منداڵان لای کورد بەسەرەتا ئەدەبیەکانی رووە فێرکاریەکەی شیعر دەستی پێکردووە وبۆ منداڵان نووسراوە ،دواتر یا گۆڤاری تایبەت بە منداڵان هەبووە و گەورەکان ئامادەیان کردووە ،یان لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی منداڵان دوور لە منداڵان خۆیان کراوە ،بەمەش منداڵان وەك گرنگترین یەکەی ناو ئەو پرۆسەیە یان بەکارنەهێنراون ،یان پەراوێزکراون ،دیارە نزمی ئاستی خوێندەواریش لای کۆمەڵی کوردەواری و لادێ نشین و کۆمەڵگای کشتوکاڵی و ئاژەڵداری کوردیش کارای ئەو پرۆسەیەی دواخستووە ،بۆیە رۆژنامەگەریی منداڵان لای کورد وەکو پێویست لەسەرەتاوە بایەخی پێنەدراوە و هەتا ئەم ساڵانەی دوایی گۆڤاری تایبەت بە منداڵان یان نەبوون یان زۆر کەم بوون ، پێشتریش لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا ناوەناوە و لابەلا وتار و بابەت لەسەر منداڵان بڵاوکراونەتەوە کە نەبوونەتە جێی سەرنجی منداڵان و زۆرتر خۆیان لە شیعر و چیرۆکی بێ وێنەو بێ رەنگی گونجاودا بینیوەتەوە .[١٣]

رۆژنامەگەری منداڵان بە رۆژنامەگەریی چاپکراو دەستی پێکردووە لە کوردستاندا و دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ( ١٩٤٦ )،واتە ( ٤٨ ) ساڵ دوای دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی ( کوردستان ) ١٨٩٨ .( گروگاڵی منداڵ ) ئەوگۆڤارە بوو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد دەرچووە ،بووە بە یەکەم گۆڤاری منداڵانی کورد.[١٤]

دوای ئەم گۆڤارە تا ساڵی ( ١٩٧٢ ) هیچ رۆژنامەو گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان لە کوردستاندا دەرنەکەوت ،لەم ساڵەدا گۆڤاری ( ئەستێرە ) کە یەکەم گۆڤاری منداڵان بووە لە عێراقدا لە سلێمانی و بەزاری کرمانجی خواروو دەرچووە .[١٥]

بەدوای ئەمداو ساڵ بە ساڵ بواری ڕۆژنامەگەریی منالان بەرەو پێشەوە چووەو گۆڤاری تایبەت بە منالان دەرچوون و گۆڤارو ڕۆژنامە كوردیەكانیش كەم و زۆر بابەتی منالانەو گۆشەی تایبەتیان بۆ منداڵ تیا بووەو گرنگی و بایەخیان بە منداڵ داوە لە ڕێگای ژانرە ئەدەبیە جۆراوجۆرەكانەوە سودیان بە منداڵ گەیاندووە.

## سەردەمی نوێ و بوارەكانی ڕاگەیاندن

ڕاپەڕین قۆناغێكی مێژوویی و وەچەرخانێكی مەزن بوو لەتەواوی بوارەكانی كوردەواریدا ،ئەم وەچەرخانە تەنیا بوارە ئاساییەكانی نەگرتەوە بەڵكو چووە ناو بوارە گرنگ و بەبایەخەكانی وەك سیاسەت ،میدیاكان ،ئابوری ،ڕۆشنبیری ،...

بۆیە دەبینین ( بۆ یەكەمجار لە ١١/ ٩/١٩٩١ دا یەكەم كەناڵی تەلەفزیۆنی كوردی دامەزرا بەناوی (( تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان )) ەوە .. )[١٦] ،هاتنە ناوەوەی گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندنی سەردەم بۆ نێو كایەی ڕاگەیاندنی كوردیو ڕۆژنامەگەری كوردی هەنگاوێكی گرنگ بوو ،چونكە بەدوای خۆیدا چەندین كەناڵی پەخشی تەلەفزیۆنی زەمینی تریشی هێنا ..[*] هەر لێرەوە سەرەتاكانی بیركردنەوە لە گواستنەوە بۆ پەخشی تەلەفزیۆنی ئاسمانی ( سەتەلایت ) لە ڕێگای مانگە دەست كردەكانەوە كرایەوەو ئێستا كورد خاوەنی سێ كەناڵی ئاسمانی یە ( میدیا تیڤی،كوردستان تیڤی،كوردسات ) ئەمانەش ڕەنگدانەوەی خۆیان لەسەربواری ڕاگەیاندنی كوردیو ڕۆشنبیریی كوردی نواندووە.

ئێزگەكانیش وەك بوارێكی تری ڕاگەیاندن بە تایبەت ڕۆڵی گرنگی خۆیان بینیوە كەلە ڕێگایانەوە خۆشەویستی نیشتیمانێكی داگیركراو بە منالانی كوردستان ئاشنا بكەن و گیانی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە هەناودا بچێنن بە تایبەتی ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان و ئێزگەی كوردستانی عێراق و....

لە بواری ڕۆژنامەوانیشدا ڕاپەڕین ئەو قۆناغە گرنگە بوو كە ڕاگەیاندن بوو بە هۆكاری دەربڕینی خواستەكانی مرۆڤی كورد و بە ئازادی و هوشیاریەوە كەوتە ناو خەباتی كوردایەتی و ڕۆڵی گرنگی لەگەشەی ڕۆشنبیری دا بینی و یەكەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی كوردی بەردەوام لە ١٩٩٢/١/١٢ دا بەناوی ( كوردستانی نوێ ) وە دەرچوو ،بۆ گرنگیدانیش بە بواری منالان پاشكۆی پەریستان لە ١٩٩٢/٢/٣١ دا لەناو كوردستانی نوێدا كرا بە دیاری منالانی كورد [١٧]

بەدوای ئەمدا چەندین گۆڤاری تری منالان دەرچوون وەك ( كاروانی منالان ، پەرەسێلكە ،هەنگ ، پەلكە زێڕینە ،گوڵزارو سڤۆرە ،... ) لە زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی تردا لاپەڕەی تایبەت بۆ مندالان تەرخان كراوە و وتارو لێكۆڵینەوە لەسەر مناڵ بلاوكراوەتەوە و هەریەكەیان هەوڵی گەشەو پەروەردەی منالیان داوە لە ڕێگای ئەدەبەكەیانەوە .[١٨]

## کاریگەری و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پەروەردەکردنی منالدا :

بەمەبەستی کاریگەری و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بواری پەروەردەی منالدا لەهەریەك لەو نموونانەی دەدوێین کە هەریەکەیان دەبنە وێنەیەك بۆ بوارەکانی راگەیاندن ( بیستراو ، چاپکراو ، بینراو ) .

### أ. ئیزگەکان نموونەی بوارە بیستراوەکان

هۆیەکی ڕاگەیاندنی گرنگ و بایەخدارە ، بەهۆیەکی شیاو دەزانرێ بەهۆی :

- (( لەگەلْ گوێگردا دەدوێ ، ئەو گوێگرە نەخوێندەوار بێ یا خوێندەوارێکی نەشارەزا یان ڕۆشنبیر بێ و لەهەر ئاستێکی تەمەن وهەر جۆرە ڕەگەزێك بێ و ئاستی بژێوی هەرچۆنێك بێت )) [١٩].
- بۆ وەرگرتنی بەرنامەکانی تەنها پێویست بە ئامێرێکی ڕادیۆ دەکات ، بە ئاسانی دەست دەکەوێت .
- بەهۆی شە پۆلەکانیەوە هەوالْ و بەرنامەکانی بەخێرایی دەگەیەنێتە خەلْك لەهەر شوێنێك بێت.

ئەم ئامرازە لەبەرامبەر توانستەکانی منالدا هۆیەکی کاریگەرنی یە ، چونکە وەك کارەکتەرێکی شاراوە لەگەلْ ( وەرگری منالدا ) دەدوێ و ئاسان نییە بێ ڕەنگ و وێنە و واتا هێماییەکانی تر بتوانرێت کاریگەری لای منالْ بەرجەستە بکرێت ، بەلام لە ڕوویەکی ترەوە لەو ناوچانەدا کە هیچ هۆیەکی تر ، ناتوانێ وەربگرێت ئەوا ئیزگەکان دەبنە هۆی یەکەم و کاریگەری لەسەر ئەو منالانە بەجێدێلن کە لەتەمەنێکی بالاتری توانستە وەرگرتنەکانی وەرگرتنی هێما واتاییەکاندا بن ، بەلام دیارە دوور لە کایە فۆنەتیکیەکان ناتوانرێ منالان بەرەو کایە واتاییەکانی تر بەرن و لەوێشەوە ڕێنماییان بکەن ، خۆ ئەگەر ئەم ئامرازە بەکاربرا ئەوا دەبێ گرنگی بە ( کات ، شوێن ، جۆرو بابەت و ئاستی ) پرۆگرامە ڕادیۆییەکان بدرێت بۆ منالان بە جۆرێك کە تەریب بە تواناکانی منالْ ، بتوانن منالْ فێر بکەن و بەرەو بنەما پەروەردەیی و ڕێنمایی کاریەکان کێشی بکەن ، جگە لەمە منالْ چێژو خۆشی لە ئاوازو گۆرانیەکان دەبینێ و لەڕێگای شیعری گۆرانیەکانەوە دەکرێ پەیامی پەروەردەیی خۆی بە منالْ بگەیەنێت گەر شیعرەکە لە ڕادەی تێگەیشتنی منالدا بێت.

### ب. ڕۆژنامەو گۆڤار وەك نموونەی بوارە چاپکراوەکان

لە جیهانی ڕاگەیاندندا ڕۆژنامەگەری گرنگی تایبەتی هەیە ، لە جیهانی منالانیشدا تا سەردەمانێکی زۆر گرنگی و بایەخی هەبووە و ئەمڕۆش بونەتە بنەمای هۆ گەشەسەندووەکانی تری دنیای ڕاگەیاندن و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری جیاجیا و چۆنێتی گرنگیدانیان بە منالان لە دنیادا دەرچوون و لە کوردستانیشدا لەگەلْ

دواکەوتنی کاتی دەرچوونیدا توانیویەتی چەند نموونەیەکی پەروەردەیی بخاتە بەردەمی هەر لێکۆڵەرێک کە بیەوێ لە ڕۆژنامەگەریی منالآن و ڕۆڵی پەروەردەیی بکۆڵێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کێشەو گرفت بوونەتە ڕێگرو کۆسپ لەبەردەم کاری ڕۆژنامەگەریی منالآندا و بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانرێ بە شێوەیەکی تەواو و گونجاو و بە پێی پەروەردەیی نوێ منالّ ئاراستە بکات و پەیامی پیرۆزی لەم بوارەدا بەبێ کەموکورتی بگەیەنێت ،لێرەدا بەچەند خالێك ئەم لایەنە ڕوون دەکەینەوە و کەموکورتیەکان دیاری دەکەین کە لە دوو توێیاندا کەم و کورتی لە ڕۆڵی ئەدەبەکەشدا دەردەکەوێت .

١) ڕەنگ ،گرنگی‌یەکی ئەوتۆی پێ‌نەدراوە و لەبەرگرانی چاپەمەنی تا ئێستاش نەتوانراوە گۆڤارێکی پڕاوپڕ و سەرتاسەری ڕەنگاوڕەنگ بە ڕەنگە خوازراوەکانی کە سەلیقەی منالّ دەیا نخوازێت دەربچێت .

٢) بەردەوامی ،تا ئێستا بە دەگمەن ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە کە بۆ منالآن بوون درێژیان هەبووەو توانیویانە بەردەوام بن و لە کاتی خۆیدا بگاتە دەستی منالآن .

٣) وێنەو هێلکاری و هێماکان ،کەسێتیەکی دیاری کراو لای منالآنی کورد نەچەسپێنراوە و لە هەر گۆڤارێکدا پالەوانێك بەخواستی گەورەکان خراوەتە نێو هێماکانەوە کە نەتوانراوە بەتەواوی سەرنجی منالی پێ ڕابکێشن و کاری تێبکەن .

٤) گیاندارو بالندەی ئاشنا و خۆشەویست لای منالّ کەمتر دەرخراون و لە زۆربەریاندا لاسایی گۆڤارە دەرەکی‌یەکان بوون و پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوانیاندا نەبوون کە سەرنجی ڕاکێشن و ڕوداوو بابەتەکان کاریان تێبکەن.

٥) نووسین ،گرفتێکی تری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیە کە زۆرتر بابەتەکان و لەناویاندا دەربڕین و مەبەستە سەرەکیەکان بە نووسین نووسراون و نەتوانراوە بە وێنە و نەخشەو هۆکانی تری ئاشناکردن بە منالآن بناسرێت و لەبەرئەوەی زۆرێك لە منالآن لە ئاستی خوێندەواری پێویستدا نین تا بتوانن بۆ خۆیان بابەتەکان ڕاڤە بکەن.

٦) نەگونجان لە نێوان بابەتەکان و ڕەنگ و مەبەستەکاندا و گۆڕینی شتەکان و دروستکردنی کەسێتی جیاواز لای منالآن.

٧) دینامیکیەت لە بابەتەکاندا و لە وێنەکاندا نابینرێ لەکاتێکدا کەوا دەخوازرێ هەر وێنەو نیگارێ توانای بزواندنی هەبێت و وەك تەنێکی جولاو لەناو هزری منالآندا وێنای خۆی بخەملێنێت.

٨) زالبوونی تێزەکانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری و نەتەوەییەکان و نەهێشتنی ڕووبەرێکی وەها کە منالّ خۆی تیا بدۆزێتەوە یان بتوانێ خۆی لەگەلدا تاقی بکاتەوە.

٩) گرانی نرخی فرۆشتنی و کەمی تیراژو نەگەیشتنە هەموو شوێنێکی پێویست و کەمی بەرهەمی منالآن خۆیان و کەمی ناوەڕکەکانیان.(*)

١٠) شوێنی دابەشبوونیان و نەخوێندنەوەی جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان بەشێوەیەکی زانستیانە وایکردووە کە بێ ئەوەی بەئاگابین لە ڕێژەی خوێندەواری و توانستەکانی منالآن و خەڵك لەو شوێنانەدا بەتایبەتیش کە ڕێژەکان لە کوردستاندا تا ساڵی (١٩٩٧) یش بەم جۆرە بووە(( ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستاندا کە شەش ساڵ و بەرەو ژوورن ،بە پێی ئامارەکان ساڵی (١٩٨٥-١٩٨٧) گەیشتۆتە (٥٦٪)، ڕێژەی خوێندەواری لەناو پیاواندا (٦٩٪) و لەناو ژناندا (٤٦٪)، لەشارەکاندا (٥٨٪) و لەگوندەکاندا (٢٥٪) لەناو پیاوانی لادێدا (٣٨٪) و لەناو ژنانی لادێشدا تەنها (١١٪) بووە ))[٢٠].

١١) زاڵبوونی نەریتە باوەکانی گەورەکانی ناو کۆمەڵ بەسەر منالآنداو ،دووبارە بوونەوەی ئەو بابەتانەی سەردەمیان بەسەرچووە سەرلەنوێ لە ئەمڕۆدا کە دابڕانێك لە ڕووی تێگەیشتن و ئاوێتە بوونەوە لای منالٚ دروست دەکات.

١٢) کەم خوێندنەوەو ئاوڕدانەوە لەباری سایکۆلۆژی منالآن و کەمی شارەزا و پسپۆڕ لەم بوارە گرنگەی منالآندا و ڕەنگدانەوەی ئەم بارە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بە تایبەتی لە بابەتە ئەدەبیەکاندا.

١٣) گوێنەدان بە خواستەکانی منالآن و نەزانینی ئەو کایەیەی کە دەبێت تیایدا بۆ منالٚ بنووسرێت و پەخش بکرێت، لەلایەکی ترەوە ئاشنا نەبوونی منالآنی کورد بەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بەبەردەوامی کار بۆ منالٚ دەکەن و بۆیان دەنووسن.

١٤) نەبوونی توانای دارایی لای منالآن تا بەخواستی خۆیان بتوانن چاپکراوەکان بکڕن.(*)

## ج.تەلەفزیۆن وەك نموونەی هۆ بینراوەکان و گرنگی و بایەخی بەژانرەکانی ئەدەبی منالٚ:

لە دنیای ئەمڕۆدا پاش ئەو گەشە گەورەیەی لەبواری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای گەیاندندا هاتۆتە کایەوە، تەلەفزیۆن لە ئامێرێکی پیشاندانی ساکارەوە گۆڕاوە بۆ هۆیەکی هەمەچەشن و هەمەڕەنگ و کۆکراوەی هەموو هۆکانی تری گەیاندن و ڕاگەیاندنی وەك (ڤیدیۆ،سینەما .شانۆ،مۆسیقا، گۆرانی .نوسین ،وێنەی فۆتۆگرافی،وێنەی جوڵاو،دیکومێنتەکان...تاد) بەتایبەتیش لەدوای هاتنە کایەی کۆمپیوتەرو چوونە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە ئیتر تەلەفزیۆن بووە ئامرازی ژمارە یەك لە ڕاگەیاندنداو توانرا لەڕێی پەخشی ئاسمانی مانگە دەستکردەکانیشەوە هەر گرفتێکی بەردەم پەخش و بڵاوکردنەوەکان لاببرێت و هەمەڕەنگی لەڕووی بابەت و کاتەکانیەوە ڕەها بکرێت.

ئەم ئامرازە جگە لەمانەی وتران بەهۆی ئەوەی لەیەك کاتدا دەنگ و وێنەش یان دەنگ و ڕەنگ پێشکەش دەکات زیاتر سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت بەتایبەتیش (منالآن)، لەبەربوونی لەماڵەکاندا دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی خێزان یان میوانی هەمیشەیی ماڵەکان دەتوانێ کاریگەریەکی باشی هەبێت (گەر نزیك بوو لە خواستەکانی خەڵکەوە و لە ئاستی تێگەیشتنی منالٚدا بوو...).

بەلاّم دیارە لەگەڵ ئەم سوودانەو چەندین لایەنی چاکەی تری تەلەفزیۆندا بەرنامەکانی منالآن یان تەلەفزیۆنی تایبەت بە منالآن لە کاتی پەخش و پیشاندانی بەرنامەی منالّدا دووچاری چەند گرفت و کەم و کوڕیەك دەبێتەوە لەوانە :

١) تەلەفزیۆنە زەمینیەکان بواری پەخش کردنیان دیاری کراوە و ناگەنە هەموو شوێنێك ،تەلەفزیۆنە ئاسمانیەکانیش بەو شێوەیەی بلاّوبۆتەوە دەست هەموو کەس ناکەوێت.

٢) لە بواری منالاّندا لە گەڵ ئەوەی ئەم ئامێرە گرنگیەکی گەورەی بە منالآن داوە لە هەمان کاتدا نەبۆتە ویستگەی یەکەمی منالآن و لە زۆر باردا کۆپی کردنی بەرنامەو بابەتە بیانیەکانی پێوە دیار بووە جگە لە وەی حسابێك بۆ کاتی پەخشی بەرنامەکانی منالآن نەکراوە کە لە گەڵ کات و توانای تەماشاکردنی منالاّندا بگونجێ و لە زۆر بار دا کاتێك ئەو بەرنامانە پەخش دەکرێن کە منالآن لە دەرەوە خەریکی گەمە کردنی ئاسایی خۆیانن.

٣) تائێستاش نەتوانراوە بە شێوەیەکی شیاو ئەفلام کارتۆنی کوردی و خۆماڵی دروست بکرێت کە کەش و هەوای کوردانەی هەبێت و لە گەڵ حەزی منالّ و جێگای ڕەزامەندی و سوود پێگەیاندنی منالّ بێت و هەرچی هەیە یان بە زمانی بێگانەیە یان وەرگێڕانە لە زمانێکی ترەوە بۆ کوردی و دیمەن و جوڵەو کارەکتەرەکانیش هەر بە کۆمەڵگای کوردەواری نامۆن .

٤) کەناڵی تایبەت بە منالآن نیە و هەرچی هەیە بەشێك لە بەرنامەکانە لە ناو بەرنامەی گشتی و پرۆگرامی گشتی کەناڵەکاندا جێگای بۆ کراوەتەوە.

٥) دروست نە کردنی کارەکتەری منالّ بە شێوەیەکی شیاو وهەبوونی دابڕان و پچڕان لە چۆنێتی بەردەوام بوونی بەرنامەکاندا چونکە ئاشکرایە منالّ زیاتر سەرنجی منالّ ڕادەکێشێ و منالّ زنجیرەیەك لە دوای یەکەکان کە بە بەردەوامی پیشان نەدرێن لە بیریان دەکات .

٦) ئاستی تێگەیشتن و پێزانین و سایکۆلۆجیەتی تەمەنە جیاجیاکانی منالآن ڕەچاو ناکرێت و بەکار نەهێنانی ئامرازەکانی ئاسان کردن و فێرکردنی منالآن بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و ڕێخراو.

٧) ناوەرۆکی گەلێ لە بەرنامەکان دەبنە هۆی چەواشەکردنی منالّ لە بەرامبەر پێدانی هەندێك خۆشی و پێکەنینی منالّ، بۆ نموونە خستنە بەردەم دوو بەرەی ( هەق و ناهەق ) ی منالآن لەو بابەتانەی پێشکەش دەکرێت بێ ئەوەی میکانیزمەکانی ناسینی هەق و ناهەقی پێ ئاشنا بکرێت، بەردەوام مشك بە لایەنی حەق بە منالّ دەناسێنن و پشیلە بە ناهەق لە کارتۆنەکاندا بەلاّم لە دنیای واقیعدا ئەمە پێچەوانەیە...

## ئەنجام

لە چێوەی ئەم باسەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك كە لەم خاڵانەدا كۆیان دەكەینەوە:

١.جیاكاری كردن لە نێوان ژانرەكانی تایبەت بە بواری منالان و تێكەڵ نەكردنیان لەگەڵ پرۆگرامە گشتیەكانی ئەو ژانرانەدا .

٢. پرۆسەی فێربوون لە گرنگترین پرۆسەكانی گەیاندنە و دەبێ زیاتر بایەخی پێبدرێت كە تا ئێستا وەك پێویست نی یە كە ئەدەبی منالْ لە باریا هەیە كە ئەم لایەنە بەرجەستە بكات.

٣.سەرەتاكانی منالی و وەرگرتنی داتاكان بە داتا وێنەییەكان و وەرگرتنی وێنەكان بەشێوازی ( وەسفی ، پێوانەیی ،تێكەلاو ) بەروونی و ئاشكرایی پیشانی مندالْ نادرێت تا بتوانێ جیایان بكاتەوە و بیر لەلای منالْ دەگۆڕێت لە جێگیرەوە بۆ گۆڕاو كە داتای تری لادروست بكات بە دوای ناوی نوێی ئەو یەكەیەدا بگەڕێ.

٤.گرنگی توخمەكانی ( كات،شوێن،بابەت،تواناكانیوەرگرتن ) لە هەر گەیاندنێكی تایبەت بە منالاندا كە تا ڕادەیەك فەرامۆش كراوە.

٥.بەرنامەكان بۆ هەموو منالانە بەبێ گوێدانە تەمەن وئاستی تێگەیشتن و پێزانینیان

٦.سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی منالان لە پێش ڕۆژنامەگەریی منالانی كوردەوەیە بەهۆی دواكەوتوویی باری ڕۆشنبیریی و كۆمەلایەتی و ڕامیاری لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆلی خۆی بینیوە لە گەشەی ئەدەبدا.

٧.لە دەزگاكانی ڕاگەیاندندا ئەمڕۆ تەلەفزیۆنەكان لەگەڵ بوونی ئەو كەموكورتیانەی كە ئاماژەیان پێ كرا هێشتا لە هەموویان گرنگترو بەبایەخترن لەبواری خزمەت كردنی منالْ و ئەدەبی منالداو ڕۆژنامەگەریش بە پلەی دووەم دێت لەم بوارەدا هەرچی ئێزگەكانە ئەوا تەنیا منالانی تەمەن بالا سوودیان لێ دەبینن ئەویش لە ڕادەیەكی نزمدا.

٨.ئەو توێژینەوانەی لەسەر منالْ دەكرێن ئەگەر لەسەر ئاستی توانستی وەرگرتنی منالْ نەبوون ئەوا ئەو بابەتانە بەمەبەستی گەیاندنی بیرێكی دیاریكراو بۆ منالان پەخش دەكرێن بێسوود دەبێت .

## سەرچاوەو پەراوێز


١. ڕاگەیاندن -د.یوسف محی الدین -وەرگێڕانی /سەلام كەریم -سلێمانی-٢٠٠١-ل٤.

٢.الاعلام ،تاریخه و مذاهبه-د•عبداللطیف حمزة-القاهرة-١٩٥٦-ص١٦•

٣.مقدمة في الاتصال الجماهيري -جوهان اربيتز -ترجمة/جامعة اردن -اردن -١٩٩٠-ص١٣.

٤.طرق البحث الاجتماعي د.احسان احمد حسن و د.عبدالمنعم الحسني -بغداد -١٩٨٢-ص٨.

٥.المدخل في فن التحرير الصحفي -د.عباللطيف حمزة -قاهرة -١٩٥٨-ص٧.

٦.عقول الاطفال -ماركريت لونالدسون-وەرگێڕانی /عادل عبدالكريم ياسين-١٩٨٩-ص١١.

٧.بڕوانە ١)علم النفس التربوي -عبدالمجيد نشواتي -اردن -١٩٨٩-ص٧٤، ٧٥، ١٠٧/ ٢)علم النفس و التعليم -عبدالعلي الجسماني -لبنان -١٩٩٤-ص٢٩٥-٢٩٧.

٨.گۆڤاری ڕایەن -هەڤاڵ ئەبو بەكر -ڕۆژنامەو هەزارەی سێیەم -ژ٤ -سلێمانی -٢٠٠٢ .

٩.موحازەراتی كۆرسی فەلسەفە-فاروق ڕەفیق -زانكۆی سلێمانی -٢٠٠١ .

١٠.چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن -هەڤاڵ ئەبو بەكر-چ٢-سلێمانی -١٩٩٧-ل٢٥.

١١.گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی -حەسۆ هورمی -ژ١-هەولێر -٢٠٠٠-ل١٥.

١٢.ادب الاطفال -د.هادي نعمان الهيتي -بغداد-١٩٩٧-ص٩٨.

١٣.شیعری منداڵان ،لە ئەدەبی كوردیدا -نامەی دكتۆرا -فازیل مەجید -زانكۆی سلێمانی- ٢٠٠٠-ل٧٧.

١٤.تێگەیشتنی ڕاستی -د.كەمال مەزهەر احمد-١٩٧٨-ل٨٢.

١٥.گۆڤاری ئەستێرە -ئەحمەد سید علی-هەولێر -١٩٩٨ -ل٧ .

١٦.ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ -هەڤاڵ ئەبو بەكر-چاوپێكەوتن-١٩٩٤-دوالا پەڕە.

*ئەمڕۆ لە كوردستانی ئازاددا هەر پارتێكی سیاسی خاوەنی كەناڵی ڕاگەیاندنی خۆیەتی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەو...كە بە گشتی لە ( ١٠ ) كەناڵ تێدەپەڕێ.

١٧.بیبیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی كوردی -ئیسماعیل تەنیا-١٩٧٢-١٩٩٣-هەولێر -١٩٩٨.

١٨.شیعری منداڵان لە ئەدەبی كوردیدا -نامەی دكتۆرا -فازیل مجید-زانكۆی سلێمانی -٢٠٠٠-ل٧٩.

١٩.چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن -هەڤاڵ ئەبو بەكر-سلێمانی -١٩٩٧-ل٩.

*تا ئێستا جگە لە گۆڤاری( منداڵی كورد ) كە دوو ژمارەی لەلایەن چاپ و پەخشی سەردەمەوە دەرچووە هیچ گۆڤارێكی تایبەت بە بەرهەمی منداڵان خۆیان بڵاو نەكراوەتەوە .

٢٠.جوگرافیای دانیشتوانی كوردستان-عبدالله غفور -چاپخانەی ئاپیك -ستكهۆڵم-١٩٩٤-ل٨.

*تا ئەمڕۆ گەورەكانیش هەندێ جار ڕێگرو كۆسپن لە بەردەم منداڵدا كە لێ ناگەڕێن بە كامی دڵی خۆی سەیری پرۆگرامەكانی تەلەفزیۆن بكەن و سوودی لێ ببینن یان گۆڤارو ڕۆژنامەكانیان وەك پێویست بۆ دابین ناكەن چونكە ئاشكرایە كە لەم كۆمەڵگایەدا بە زۆری منداڵ دەبێ بە ئارەزووی گەورە هەڵسوكەوت بكات.

## الخلاصة

## ادب الاطفال ودور الاعلام في تطوره

الطفل كائن حي نشيط حروك وذات حيوية خاصة قادر بسرعة على اكتساب المهارات والمعارف ،له عالم خاص به ،ولمجرد ولادته معان يمنحه لهذه الحياة ولهذا الكون الفسيح،ففي كل ولادة جديدة تجديد للحياة ودلالة البقاء للجنس البشري واستمرارية لها،من اجل هذا لابد من الاهتمام به والعمل الجدي من اجل تربيته بصورة صحيحة تبعا للاساليب والتوجيهات والنضريات التربوية الحديثة وان تتماشى مع مراحل عمره وان تعد له بيئة مناسبة وجو ملائم مع مراعات اعداد وتهيئة كل مستلزمات هذه التربية،صحيح ان اول منبع للتربية هي العائلة وحضن الام ولكن هذا المنبع لايكفي ولايسد الحاجة لاكمال التربية الصحيحة لان عالم الطفل لاينحصر بين جدران بيت العائلة وانما هناك مصادر متعددة مهمة اخرى تقع على كاهلها هذه المهمة ومن اهمها وسائل الاعلام بجميع قنواتها،نعم ان المؤسسة الاعلامية قادرة ان تاخذ دورها الرئيس في هذا الميدان ان ارادت ذلك،ومن اجل ان يستطيع الاعلام القيام بواجبه عمدنا على ابداء توصيات واعطاء ملاحظات بهذا الصدد، تحدثنا عن المجلات الاعلامية وقنواتها التي لها تاثير مباشر في تربية الطفل يعود في النهاية بالفائدة لنفسه ولاسرته ولمجتمعه وللبشرية جمعاء، واشرنا الى اهم هذه القنوات مثل الصحافة والتلفزيون والاذاعة وما عليهم من تقديم المواضيع المهمة والخاصة بالطفل والتي ترمي الى تحقيق الهدف المنشود وتتناسب مهام التربية كما حددنا اهم العوائق والعقبات في طريق تحقيق هدفهم والتي تصعب واجباتهم،ومن ثم سجلنا ملاحظاتنا ومذهبنا في كيفية سير عمل كل قناة من هذه القنوات وحددنا نتائج البحث من خلال عدة نقاط رئيسية كل ذلك من اجل خدمة المجتمع بشكل عام وخدمة اطفالنا بصورة خاصة لانهم جيل المستقبل الباني.

# *Literature ofChildren and Media's role in it's Development*


## *Abestract*

*Child is an active and full of life living being, he is capable to acquire skills and knowledes quickly and he has his special world.his birth gives many meanings to the life, it renews life and helps the humanity to continue,so the child should be paid attention do,and should be brought up according to the moderen methods and theories in away that fit with his age;morover he should be brought upin asound and suitable inveronment.*

*It is true that the family is thre first plase where the child is raised but it is not enough to raise him perfctily, because the child's world is not restricted to his family only but there are many other important sourcea that have the same duty e.g.the mass media, media institutions can play amain role in this respect.*

*In order to do their duty perfectly, we intended to give the mass media some recommendations and notes in this filed, through which we talked about the media sources and channels and their direct and indirect impact on the child. In fact their programs should be in away that the child, his family, society and allthe humanity can make use of them. We dealt with the most important sources like press, television and broadcast,and their duty to present special and important subjectsconcerning the child to achieve his aim,wich is raising the child soundly and over coming the obsticals in this respect.*

*Finally we registered our notes about each channel's work and we determined the research's results through a number of points so that we can serve the society genrally and children soecially because they are future's generation.*